# ڕێبوار ڕەشید :

## مەنفا لە باوەشی ژنێك دەچێت كە هەرگیز لە باوەشی دایك ناكا







مرۆڤێك لە روخسار و ئاخاوتندا لێوڕێژ لە هێمنی.. لە ڕەفتار و جولەدا پڕاوپڕ لە ناسكی.. كائینێكی تا ئەوپەڕ سادە و خاكی.. كەسێك كە لە تەكیدا دەكەویتە گفتوگۆ هەروا ئاسان نییە دەستبەرداری قسەكردن بیت لەگەڵیدا.. ئەو كوڕی خێزانێكی كورد پەروەری گەڕەكی ( خاسە )ی شاری كەركوكە، بەهۆی بەشداری چالاكانەی باوكی لە شۆڕشی ئەیلولدا ناچار رووەدەكەنە سلێمانی و لەوێ دەگیرسێنەوە، ئیدی ئەمیش لەوێ لەدایك دەبێت و گەورە دەبێت و هەر لەژێر كاریگەری باوكی بە پەروەردەیەكی سیاسییانەی تەندروست و گیانێكی كوردستانییانە گۆش دەكرێ، بۆیە هەر لە تەمەنی لاوێتیەوە و بەو گیانی كوردبوونەوە دێتە نێوكاری سیاسی.. تەمەنی 18 ساڵان دەبێت قۆناغی ئامادەیی تەواو دەكات و ساڵی 1980 دەچێتە ریزی هێزی پێشمەرگەی كوردستان، لە تەمەن و ئەزموونی كورتی سیاسی خۆیدا ئێش و ئازاری زیندانەكانی ئەمن دەچێژێ، لە بەهاری تەمەنیەوە خولیای خوێندنەوە دەبێت.. وەكو زۆرێك لە هاوتەمەن و گەنجە هاوبیرەكانی، شەڕی براكوژی و ئەزموونە تاڵەكانی بزووتنەوەی سیاسی كورد بێزاری دەكەن، تا دواجار لە كۆتایی ساڵی (1980) هەگبەی یادەوەرییەكانی منالی و خەونە ئەرخەوانیەكانی دەپێچێتەوە و دوای ئاوڕێكی پڕ حەسرەت لە زامەكانی نیشتمان، ماڵئاوایی دەكات و ڕوودەكاتە هەندەران.. دیارە لەوێش لە كار و چالاكی سیاسی جەماوەری و رووناكبیری لە پێناو پشتگیری و سەرخستنی دۆزی رەوای نەتەوەیی كورد بەردەوام دەبێت، ئێستا لە سوێد نیشتەجێیە و خێزانێكی خنجیلانەی پێكەوە ناوەو دوو كوڕی هەیە، وەك خۆیشی دەڵێ:"هاوڕێ بینین و هاودەمی هاوڕێیەتی یەكێكە لە خۆشترین لایەنەكانی ژیان"، ئەو مرۆڤەش (ڕێبوار ڕەشید)ی نووسەر و رووناكبیرە. بێگومان (ڕێبوار) ناوێكی ئاشنای نێو بزاوتی رووناكبیری كوردیە ، دەمێكە سەرقاڵی نوسین و لێكۆڵینەوەو وەرگێڕانە لە بواری سیاسی و ئەدەبی و فیكری و خاوەنی چەندین پەرتوكی چاپ كراوە ، لە دەرفەتێكدا دواندمان و بەرهەمەكەیشی ئەوەیە ، كە لە بەر دەستی خوێنەر دایە ..

نوری بێخاڵی

### *خونچەكانی نووسین كەی و چۆن لای ڕێبوار چرۆیان كرد و شكۆفەیان كرد ؟

- لە راستی دا دەتوانم بڵێم لە تەمەنی (11) ساڵیەوە دەستم كرد بە كڕینی كتێبی شاعیرە كلاسیكیەكان و خوێندنەوەیان ، لە تەمەنی چواردە و بەرەو ژوورتر دەستم دایە خوێندنەوەی رۆمان و شاكارە روسیەكان كە بە زمانی عەرەبی بوون ، بە تایبەتی بەرهەمەكانی ( دیستۆفیسكی و گۆگۆڵ و گۆركی )، ئەمەش بە حوكمی ئەوەی ئەو دەمانە لە ژێر كاریگەری بیری چەپ دابووین و پێمان وابوو خوێندنەوەی

ئەم شتانە گرنگ بوون . پاشانیش هەر لەو تەمەنەدا وەك هەر گە نجێك دووچاری جۆرێك لە خۆشەویستی ئەفلاتونی بووین و بۆ دڵدارێكی هەبوو یان نەبوو شیعرم نووسی ، نەك بە مانای شیعر ، بەڵكو بە مانای ریزكردنی رستێك وشەی ئەدەبی بۆ ئەوەی واتایەك بدەن و لە رێگایانەوە هەست و سۆزمان دەربڕین .

***هەموو ئەزموونەكانی نووسین لە نێو ئێمەدا بە شیعر دەست پێ دەكەن، دوا جار زۆربە ئالای خۆبەدەستەوەدان بەرز دەكەنەوە و باوەش بە كایەیەكی تردا دەكەن .. لە ئێستادا رێبوار چەندە دۆستایەتی لە گەڵ شیعر و ئەدەبیاتدا ماوە ؟**

- هەڵبەت دەمەوێت راستییەكت بۆ باس بكەم ، من لە دوو وڵاتی جیاوازدا ژیاوم ، لە سویدو كەنەدا ، جگە لەوەی زۆر وڵاتی دیكە گەڕاوم و لە گەڵ گە نجانی ئەو شوێنانە لەم بارەیەوە قسەم كردووە ، بە رای من زۆربەی گە نجی دونیا ، نەك هەر كوردستان بە شیعر دەست پێ دەكەن، چونكە شیعر بابەتێكی ناسكە و جۆرێك لە ریتم و ئاوازی تیایە و جۆرێك لە یاری كردن و رێكخستن و خۆماندووكردنی گەرەكە، دوای ئەوەش وەك نووسینێكی سیاسی لە سەر مرۆڤ ناكەوێت، بۆیە زۆرینەی گەنج لەوێوە دەست پێ دەكەن. دیارە من زوو جیهانی شیعرم بە جێ هێشت، بەڵام هەرگیز لە ئەدەبدا دانەبڕاوم، من لە ئەوروپاش هەمیشە خەریكی خوێندنەوەی ئەدەبی شیرینم، بگرە زۆریشم خوێندۆتەوە و بەردەوامم لە سەری، بۆ نموونە دوا كتێب كە بەم دواییانە خوێندمەوە كتێبی نووسەری سویدی بەناوبانگ ( كرینی كریست )ە، كە بە ناوی ( خاكی بێ خاوەن ) بوو، كە كتێبێكی زۆر سەرنج راكێشە، بە كورتی دەمەوێت بڵێم لە جیهانی ئەدەب دانەبڕاوم.

*** دەكرێت باس لە چەند وێستگە و بیرەوەریەكت بكەیت لە نیشتمان، واتە بەر لەوەی رووبكەیتە هەندەران ؟**

بێگومان، من دوای ساڵی هەشتا كوردستانم بە جێ هێشت، ئەو دەمە بزاڤی سیاسی كوردی لە ئاستێكی زۆر خراپ دا بوو، چەند ساڵێك بوو كارەسات بە سەر شۆڕشی كورد هاتبوو و دەوڵەتی ئێراق بە ئاگرو ئاسن دەستی بە سەر كوردستان دا كێشا بوو، ئەو كاتە لە سلێمانی دەژیام و لە راستیدا لە ژێر كاریگەری شتێك دابووین بە ناوی كۆمەڵەی رەنجدەران، واتا وەكو توێژی گەنج كارتێكراوی ئەو هەلومەرجە بووین، ئیدی لەژێر كاریگەری بیری چە پدا شتمان لە سەر دیوارەكان دەنووسی و دروشمی كوردایەتیمان هەڵدەدا، بەڵام پێم وایە ئەو بزووتنەوە سیاسییە بەشی ئەوەی نەدەكرد بە شێوەیەكی باش ئەو هەموو هێزی گە نجە كۆ بكاتەوە بەداخەوە .. ئەو دەم شەری ئێراق – ئێران دەستی پێكرد، فشار لە هەموو لایەكەوە بۆمان هات، ئیتر زوڵمی داگیركاری و سەربازی هۆكارێك بوون كە پەیوەندی بە شۆڕشەوە بكەین و ببینە پێشمەرگە، یان بۆ هەندەران سەر هەڵگرین،من بۆ خۆم یەكێك بووم دوای ماوەیەكی كەم بوومە پێشمەرگە و پاشان دووچاری زیندان بووم و دوای ئازاد بوونیشم ئیدی رێگای ئەوروپام گرتە بەر و ئەوە نزیك بە ( 25 ) ساڵە لە دەرەوەم، دیارە هۆكاری زۆر هەن كە وای كرد من و چەندانی تریش بكەوینە ژێر باڵی ئەم سەرهەڵگرتنەمان، كە رەنگە ئێرە جێگای باس كردنیان نەبێت، بە تایبەتی پەتاكانی نێو بزووتنەوەی سیاسی لەو كاتەدا. ئەو كاتانەی نیشتمان بێگومان پڕن لە یادەوەری تاڵ و شیرین، بە تایبەتی بۆ منێك كە بیرەوەرییەكانی منداڵی و خەونەكانی گە نجێتیم تیا بە جێ هێشت .. ئەمێستاش ئەو چركە ساتانەم وەك فیلم بە بەرچاو دا رەت دەبن ..

***ئەی هەندەران و ئەو دابڕانە ؟**

- بەڵێ، دیارە ئەویش ئەزموون و قۆناغێكی ترە لە ژیانی من، كە لەگەڵ خۆمدا كۆی ناسۆر و خەم و خەونەكانی رۆژانی وڵات هاوڕێم بوون.. ئەویش تا ماوەیەكی ئێجگار دوور بۆ من ئەزموونی پڕ لە سەختی و ساتەوەختی خۆش و ناخۆش، تاڵ و شیرین بوون. دووره وڵاتی هەستێكی زۆر ئاڵۆز و ناخۆشە، هەروا بەئاسانی دەرنابڕدرێ، مەگەر تەنها لەنامە گۆڕینەوەكەی ( نالی و سالم )دا هەستێكی وا ببینرێ، كە من لە پێشەكی رۆمانی ( لە تارمایی هەڵە بجە )دا ئاماژەم بۆ كردووە، بەڵام نابێ ئەوە لەبیر بكەین، كە لە ئەوروپا مرۆڤ دەتوانێ فێری زۆر شت بێت.. ئەوروپا دەروازەیەكە بۆ هەل و دەرفەت، بە تایبەتی بۆ گە نجی كورد كە نەیتوانیوە ئەو هەلانە لە خەونیشدا ببینێ.. بەڕای من ئەگەر گە نجی كورد ئەوەندە هوشیاری هەبێت، كە بتوانێ سوود لەم هەلانە وەربگرێ و لەبری رووخان و داڕمان بتوانێ خۆی دروست بكات و بەرەو پێشەوە بڕوا، هەلی زێرین.. بەش بەحاڵی خۆم بە شانازیەوە دەڵێم بۆ خۆم یەكێكم لەوانەی كە هەمیشە لە تاراواگە و ئاوارەیشدا قاچێكم لە كوردستان و ئەوەی ترم لە ئەوروپا بووە.. بەردەوام مێشك و خەیاڵ و بیركردنەوە و هەنگاوەكانم بەسەر ئەو دوو جوگرافیایە دابەشبوون، چالاكی و كارەكانم لەبوارە سیاسی و جەماوەری و رۆشنبیرییەكان بەڵگەی ئەوەن.

***بۆچی تۆ و زۆر لەوانەش کە لە ژێر فشاری زۆردا بە هەگبەیەك یادەوەری سیاسی بریندار ولاَتتان جێهێشت، ئێستا دەتانەوێ ئەو حیکایەتانە بە جۆرێك لە جۆرەکان لە کارەکانتان تەوزیف بکەنەوە، وەك پێشتریش کەم تا زۆر ئەنجامتان داوە؟**

_ دروستە، چونکە من پێم وایە پرسی مەنفا و ئاوارەیی وەکو باوەشی ژنێك وایە، کە باوەشێکی گەرم و میهرەبانە، بەلاَم هەرگیز لە باوەشی دایك ناچێت، ئەو باوەشە گەرم و میهرەبانەی ژنێك بیدا بە منالێك کە دایکی خۆی نەبێت، شتێکی دەخاتەوە یاد، ئەویش چێژ و خۆشی و گەرمی ئەو باوەشەیە کە نیەتی.. ئەوروپا دروست ئەوە دێنێتەوە یادی مرۆڤێکی ئاوارە، کە جوگرافیایەکە راستە دلنیایی و کار و ژیانی تێدایە و دەتوانی خۆتی تیا دروست بکەیت، بەلاَم جوگرافیایەکە هەمیشە لە سێبەری ئەودا جوگرافیایەکی کۆلۆنی و داگیرکراو کە هیچ دەرفەتی پێشکەوتن و هەناسەی تێدانیە دەبینێتەوە، کە ئەویش ولاَتی خۆتە. لەوێوە خود ئاگاییەك دروست دەبێت، خود ئاگایی ئەوەی کە هەمیشە برینداری، بەردەوام برینداری بوونی شتێکی کە هەتبێت، بەلاَم بۆت نییە هەتبێت، لەوەی دونیایەك خەون بە دروستکردنیەوە دەبینیَ، بەلاَم نایەلَن دروستی بکەیت.. کە دێتە سەر ئەو شتانەی پەیوەستن بە داگیرکاری مرۆڤ دەتوانیَ بە ئاسانی تێیان بگات، وەکو پرسی خۆشەویستی وایە، کە رەقیبێکت هەبێت، تێدەگەیت کە ئەوە رەقیبی تۆیە و نایەوێ و پێی خۆش نییە بگەیتە خۆشەویستەکەت، بەلاَم پرسی سیاسەتی کوردی، یان سەرکردایەتی کوردی، کە رۆژێك لە رۆژان نەیانتوانیوە سود لە ئیرادەی خەلَك و هێزی شۆڕش وەربگرن و دەرفەتەکان بقۆزنەوە، ئەو ئازارە بەلاتەوە زۆر گەورەترە، هەست دەکەیت کە ئەو دەستەی رێگا لەتۆ دەگریَ، دەستێکی خۆمالَییە، لە کاتێکدا نابیَ وا بکات، ئەوەیە وا دەکات زیاتر ئازار بخۆیت و هەست بە برینداری جەستەی خۆت بکەیت، بەلاَم لە خودی ئاوارەییا فێری خودی جۆرێك لە تەکنیکی گێڕانەوە دەبیت، کە دەلێم تەکنیکی گێرانەوە مەبەستم تەکنیکی چیرۆکی نییە، بەلَکو بە مانای تەکنیکێکی سیاسی لەوەی چۆن گوزارە لە خۆت و ئەوەی زیانت تێدا پێگەیشتوە بکەیت. بۆ نموونە زۆرجار گوێ لە خەلَکی کورد دەگرم، کە لە وەلاَمی پرسیارێکی هەوالَنێریدا باس لە ژیانی خۆیان دەکەن، زۆر بە پەلە و هەناسە سوارن لە وەلاَم و باسکردندا، هەر زوو باس لە ترسی کوشت و بڕ دەکەن، نایێن ورد و هێمن و لەسەرخۆ دیمەنەکان وردتربکەنەوە و لە رێگەیانەوە باس لەو زیان و دەرکەوتە و رەنگدانەوە ترسناکانەی سیاسەتی داگیرکەران بکەن لەسەر ئاستی سیاسی و کۆمەلاَیەتی و کولتوری.. واتە نایێن باس لەوەبکەن چەند جار کورد خواردنی لەسەر ئاگر بەجێهێشتووە و بەسەعات و رۆژ و هەفتە منالَی بێشکەی داوە بە کۆلَدا و رایکردووە..هتد. مەبەستم ئەوەیە بلَێم کە هاولاَتییەکی داگیرکراو رێگەی پێنادریَ بە شێوەیەك مێشکی بخاتە کار، کە بە هێوری گوزارە لە ژیانی خۆی بکات. جا ئەگەر ئەمە بۆ ئەزموونەکانی ئێمە لەگەلَ دوژمنەکا نمان و داگیرکەرانی کوردستان و سیاسەتەکانیان راستیەکی قورس بێت، دەبیَ بۆ سروشتی ترس و بیمی هەموو ئەو ئەزموونە تالَ و سوێرانەی نێو خۆمان چۆن بێت، کە بەرهەمی هەلَە و خەوشی نێو بزووتنەوەی سیاسی خودی کوردی خۆیانن؟ دەبیَ چۆن بکریَ ئەو لەحزە و دیمەن و وێستگانە هەروا بە ئاسانی وەلانێین و پەراوێزیان بکەین؟

***رێبوار لە ئەمرۆ و دوێنێیدا و لەناو خودی ئەزموون و قۆناغی تاراوگەدا تیایدا هەست بە هەلَکشان و داکشانی گوزارشتکردنی دەکریَ لە گێڕانەوە و تەوزیفکردنی حیکایەتەکانی ئەو مێژووە بریندارە، ئەویش لە میانی خودی نووسینەکانی خۆیدا. بە تایبەتی لە نێوان کتێبی ( پرۆژە ) و خوێندنەوەکانی ئەم دواییانەی، ئاخۆ ئەم گۆڕانانە چەندە پەیوەندی بە گۆڕینی شوێنکاتەکانەوە هەیە؟**

_ بەڕای من ئەمە زیاتر دەکەوێتە سەر تاکەکەس خۆی، تۆ سەیرکە ئێمە لە خۆرهەلاَتی ناوەڕاستدا ئەگەر خوێندگایەکی میتافیزیکی هەبێت، دەتوانیَ بلێَ ئێمە خەلَکێکین خوا غەزەبی لێگرتووین، هەلَبەتە لەبەرئەوەی میتافیزیکیانە بیرناکەمەوە بۆیە وانالَێم، بەلاَم بەراستی ئێمە لە ناوچەیەکەوە هاتووین کە ناوچەیەکە بە درێژایی مێژوو خوێنی مرۆڤی لیَ دەتکیَ.. ناوچەیەکە لە گورگستان دەکات و شوێنی خەلَکی داهێنەری تیادا نابێتەوە و دەسەلاَتدار تیایدا هەمیشە و بەردەوام خواردوویەتی و بردوویەتی و داگیری کردووە، هاوکات لە پەیوەندیکردن لەگەلَ ئەوروپا ئەم جۆرە لە هیومانیزمە، یان ئەو جۆرە لە مرۆڤایەتیەی کە هەیە رەگەکەی دەگەڕێتەوە بۆ بیری خۆرئاوایی، بە گشتی لە هەموو جۆرەکانی ( نیزم )دا رەگەکەیان دەگەڕێتەوە بۆ شارستانیەتی خۆرئاوا، کە ئەویش هەندیَ بناغەی خۆی لەسەر ئایینی کریستیان هەیە. بەهەر حالَ من پێم وایە بە سود وەرگرتن لە بەرهەم و دەرهاویشتەکانی رێنیسانس و رۆشنگەری، مرۆڤی ئەوروپی توانیویەتی شتێك بۆ خۆی دروست بکات کە دەتوانیَ تیایدا بژی، ئێمە تا ئێستا لە خۆرهەلاَتی ناوەڕاستدا نەمانتوانیوە کاری

لەم چەشنە بکەین، لەبەرئەوە بێگومان ڕۆیشتنی کەسێك لە جوگرافیا و ژینگەیەکی وەك خۆرهەلاتی ناوەڕاست بەم پێکهات و بونیاد و بیرکردنەوەیەی بۆ جیهانێکی تر، کە بەردەوام بەم ڕەنگە لە بەهەشت بچێت گۆڕانێکی گرنگ و بنەڕەتی لەو کەسەدا دروست دەکات.. لەوێدا کۆمەڵێك پێکدادان لەبەردەم ئەو کەسە دروست دەبن، کە بۆ تاکەکە هەروا سادە و ئاسان نییە هەم تیای بژی و هەم خۆی تێدا دەرباز بکا و بیپارێزێ، بە بۆچوونی من ئەو گواستنەوەیە جۆرێك لە زیرەکی ئەکرۆباتی دەوێ بۆ ئەوەی خۆتی تیا ڕزگارکەیت ئەو کاتە فێربیت. زۆر کەس هەیە بەداخەوە دەدۆڕێن، یان ناتوانن سەرکەون، بەلاّم تاکەکەس هەن لە کورددا توانیویانە لەو تاقیکردنەوەیەدا تا ئاستێکی زۆر زۆر باش سەرکەون و سودی لێوەرگرن.. بۆیە دەڵێم ڕەنگە خودی ئەو هەڵکشان و داکشان و گۆڕانەی باسی دەکەیت، بۆ گۆڕان لە سیستەمی بیرکردنەوە و ئاستی گوتار و دواندن بگەڕێتەوە، کە شوێنکات و هەلومەرج و ژینگەی جیاواز کارتێکەرن بەسەریدا.

***لەتەك ئەزموونی ڕۆمان نووسین و کۆمەڵێ وتار و لێکۆڵینەوەی سۆسیۆلۆژی، وەکو تر هەستدەکرێ تەوەری کارکردنی تۆ لە ئاستی نووسین و وەرگێڕان بواری ناسیونالیستی یە، بەراورد بە خەونی کەسێکی داگیرکراوی ڕۆژهەلاتی و سروشتی سیستەمی کۆلۆنیالی و شێوازی خەبات، لەگەڵ پێدراوەکانی نەتەوەیی سەردەم لە ژینگەی خۆرئاوا، چۆن دەڕوانیتە ئەم پرسە؟**

- من ناهەق نیم کە خەم بۆ ئەم پرسە دەخۆم، خۆم کوڕی باوکێکم کە خاوەن دونیابینیەکی کوردستانی بوو،ساڵەهایەك لەناو پارتی دیموکراتی کوردستان کاری کردبوو، زیندانی دیبوو، خۆیشم دوور لە کەرکوك و لە ژێر فشاری سیاسەتی ڕاوەدونان و ڕاگواستن و بێ دەستی خۆم لە سلێمانی لەدایکبووم، خودی پێگەیشتنیشم لەسەر بنەمای پەروەردەیەکی کوردستانی بوو، وەك مێژوو و خوێندنەوەش بۆم دەرکەوت کە کورد نەتەوەیەکی گەورەی خۆرهەلاتی ناوەڕاستە کە خاوەنی دیرۆکی خۆیەتی و قوربانی سیاسەتەکانی چاوتێبڕین بووە، عەرەب بە هۆی داگیرکاری ئیسلامەوە هاتوونەتە کوردستان، تورکەکان نزیکەی ( 850 ) ساڵێکە هاتوونەتە ناوچەکە، فارس بەشێوەیەکی تر دەستدرێژی کردۆتە سەرمان، بەشێوەیەکی گشتی کورد نەتەوەیەکی زوڵم لێکراوە و هۆکارەکانیش زۆرن، کە ڕێگربوونە لەوەی کورد نەگاتە ئامانجەکانی خۆی و وەك هەر گەلێکی تر ئازاد و سەربەخۆ بژی، هۆکار گەلێك کە مرۆڤ دەکارێ زۆر قسە لەبارەیانەوە بکات، ڕەنگە هۆکارێکیان سروشتی بێت، کوردستان پڕ شاخ و کێوە و ڕێگاکانی سەخت و دژوارن، کە پرۆسەی پەیوەندیکردن و یەکگرتنەوەی قورسکردووە، هەر کەسە و لە بناری شاخێکا گوند و ئاواییەکی پێکهێناوە و هەر لەوێشدا ژیاوە و ژن و ژنخوازی کردووە و تیایدا مردووە و گۆڕستانی هەبووە، تەنانەت دیالێکتیشی بۆخۆی داناوە، ئیدی هۆکار زۆرن و لەوانەیە هەمووی پەیوەست نەبن بە دوژمن و سەرسەختیەکانیەوە. بەلاّم بەهەر حاڵ زەنگینی و دەوڵەمەندی کوردستان وایکرد، کە دەوڵەتانی داگیرکەر و سەردەست هەست بە خۆشیەك بکەن، کە ئەمە نەتەوەیەکە و لەژێردەستیاندایە و سامانێکی زۆری هەیە و دەتوانین بە ئاسانی لێی بخۆین و بیکوژین. شەڕی ساردیش سودێکی زۆری لە ڕووی سیاسەتی جیهانیەوە بەوان گەیاند، لەبەرئەوە هەمیشە وەك کەسێکی ناسیونالیستی ئازادیخواز هەستم بەوەکردووە، کە لە ژێر چ هەڕەشە و مەترسیەکی گەورەی لەناوبردن و تواندنەوە داین، هاوکات پێم وابووە کە سەرکردایەتی کورد ئەگەرچی بە ئەنقەستیش نەبووە، بەلاّم لە نائاگاییەکی خراپەوە، هەست نەکردن بە لێپرسینەوە، بەوەی کە یەکبونێك هەبێت و پلورالیزمی هەبێت، وایانکرد کە خەباتی ناسیونالیستی کورد بۆ ئازادی کاتێکی زۆر زیاتر ببات، وەك لەوەی کە دەبوایە بیبردایە. من پێم وایە ئێمە بە کۆمەڵێ کارەسات و ئازاردا ڕۆیشتووین، کە دەتوانرا نەبێ و ڕوونەدەن، بەلاّم ئیدی ڕوویانداو بەهەر حاڵ بە خۆشحاڵییەوە ئێستا لە پرۆسەیەکی دیکە داین، هەڵبەت بە حوکمی کۆمەڵێ هۆکارەوە کە زۆربەیان دەرەکین، ڕەنگە بەهۆی شەڕێکی ئیمپریالیستی بێت لە نێوان وڵاتێکی زلهێز و وڵاتێکی تری کۆنە پەرستیدا، کە کورد لەوێدا وەکو تەماشەکەرێك پێی خۆشە و بڵێ فەرموو کێ دەییاتەوە بابیباتەوە.. هەر چۆنێك و هۆکارەکان هەرچیەك بن باوەڕمەندم، کە خەباتی ئازادیخوازی کورد وردە وردە جێگای خۆی دەگرێت و دەردەکەوێ، کە تێکۆشانێکی مرۆیی ئازادیخوازانەیە، لەوێدا ئەوەش دەردەکەوێ کە مرۆڤی کوردیش کەسێکی مرۆڤ دۆست و ژیان ویست و ئازادیخوازە، دیارە خودی ئەو هەستەی تاکی کوردیش دوور و نزیك هیچ پەیوەندییەکی بە دەستدرێژی و فراوانخوازیەوە نییە، بەڵکو پەیوەندی بەوەوە هەیە، کە کورد وەك نەتەوەیەکی خاوەن مێژوو و شارستانیەتە، نەتەوەیەکە مافی خۆیەتی دەوڵەتێکی نەتەوەیی هەبێت، بۆیەش کەسێك لە ئەوروپا کە بەم ئەزموونانەدا ڕەت بووە و تێدەگا وڵاتانی وەك ( فەڕەنسا، ئەڵمانیا، ئیتالیا..هتد ) چۆن دروست بووە، لە خواستی ئێمە و بیرکردنەوەی ناسیونالیستانەی ئێمە دەگات، بۆیە بە دڵنیاییەوە ئەوەی کە من و تۆ و ئەوانیتری کورد بیری لێدەکەینەوە و کاری بۆ دەکەین شتێکی ڕاست و دروستە و تەنانەت هیچ دژایەتی لەگەڵ پێدراو و گۆڕاوەکانی سەردەم نییە،

بەلاّم بێگومان زۆرجار مرۆڤ کە گەنج بێت و لە هەلومەرجێکی سیاسی ناهەموار و لەژێر فشارێکی توندی نامرۆیی بێت رەنگە بە جۆرێك گوزارشت لەو هەستەی بکات و دەربڕێ، کە ئەو خواستە مرۆیی و ئازادیخوازە لە مانا جوانەکەی خۆی کەم بکاتەوە.

***ئەگەر راست بێت کە کورد تەنها وەك هەست و سۆز سەروکاری لەگەڵ چەمکی ناسیونالیزم کردووە و مەم و زینی خانیش تەنها و وروژاندنی ئەو هەستەبووە بە ئاقارێکی شاعیرانە و سەردەمی (نەهری) وەك سەرەتای چەکەرەکردنی ئەو چەمکە لە شێوەی بزاوتێکی کۆمەلاّیەتی کارا بناسرێ، بەڕای تۆ بۆچی تا ئێستا کورد نەیتوانیوە ئەو سۆزە بگۆڕێ بۆ هۆشیارییەکی تۆکمە و بیگوازێتەوە بۆ حالّەتی تیۆری، کە رەگەکانی لە قولاّیی فیکری و مەعریفیەوە سەرچاوە بگرن، بەمەبەستی گەیشتن بە ئامانجە ستراتیژییەکان؟**

-بەڕای من هۆیەکان زۆرن، من هیچ کاتێك خەتای مرۆڤی کورد ناگرم، بە پێچەوانەی زۆر کەسی تر.. چونکە پێم وایە مرۆڤی کورد وەك هەر کەسێکی دیکەی ئەم جیهانە حەز بەئازادی و سەربەستی دەکات و بۆیشی تێکۆشاوە و تێدەکۆشێ، بەلاّم میکانیزم هەن کە رێگای لێدەگرن.. تۆ دروست بە پێچەوانەوەی ئەوە ئەبێ میکانیزم گەلێك دروست کەیت کە رێگای بۆ ئاسان کەن، بەڕای من ئەمەیان لەسەر ئەوە کەوتووە کە تۆ چەند زانیاری دەدەیت بە تاکەکەس، بۆ ئەوەی ئەو کەسە لەخۆی بە ئاگابێت و هوشیاربێت و لەواقیعە سیاسی و کۆمەلاّیەتی و ئابوورییەکە تێبگات.. بە بۆچوونی من ئەو میکانیزمانەی کە هەبوون، بۆ نموونە لە شێوەی رێکخراوی سیاسی، یان رێکخراوی مەدەنی کە لە کوردستاندا هەر نەبووە، وەکو تر لە ئاستی رێکخراوی سیاسیدا ئەوەندەی لۆکاڵ بیریان کردۆتەوە، نیو ئەوەندە کوردستانییانە بیریان نەکردۆتەوە و هەنگاویان نەناوە، هێندەی جەختیان لەسەر جیاوازییەکانی یەکتری کردۆتەوە و سەرنجیان داوە، لەبەرامبەردا پرسە سەرەکیەکەیان بیرچۆتەوە، بۆیە پێم وایە باسەکە هەروا کورت و ئاسانە و بەو شێوەیە درێژدادڕی و ئالۆزکردنی ناوێ، چونکە ئەگەر رێکخراوە سیاسییەکانی کوردستان ئەو بەرپرسیاریەتیەیان هەلّگرتبا کە ئەو زانیاریە راستە بدەن بە تاکی کورد لە بارەی ولاّتی خۆی و مێژوو و جوگرافیا و بەرپرسیارێتی خۆی، پێم وایە ئەو کاتە مرۆڤی کورد دەیتوانی هەنگاوی مەزنتر بهاوێژێ، بەلاّم بە پێچەوانەوە لەو ئاستەدا رێگای لێگیراو ئەو زانیاریە پێویستانەی پێ نەدرا، ئیدی مرۆڤی کوردیش سوپەرمان نییە و ناتوانێ لە زگماك فەیلەسوف بێت و بەشێوەیەکی ئۆتۆماتیکی لە واقیعی خۆی تێبگات.. چونکە مرۆڤ وەکو (سیمۆن دوبۆڤوار) دەلّێ "ژن بە ژنێتی لەدایك نابێت، بەلّکو کۆمەلّگا دەیکاتە ژن"، ئەمەش دروست ئەو هاوکێشەیە دەگرێتەوە و مرۆڤ رێك بەو زیرەکی و هوشیاری و تێگەیشتنەوە لەدایك نابێت، بەلّکو کۆمەلّگا دروستی دەکات، لەبەرئەوە کۆمەلّگایەکی نەخۆشی سەرقاڵ، بێگومان منالّ و تاکەکەسی زۆر بێکەس و لانەواز و برسی و تینوو بەرهەم دێنێ، ئەو منالاّنە و بەم بونیاد و پێکهاتەوە چەند ملیۆن و ملیاریش بن ناتوانن شۆڕش بکەن و بەرەو پێشەوە بڕۆن.

***هەر لە نووسینەکانی سەرەتای نەوەدەکانتەوە هەست بەوە دەکرێ راوەستانێکی قووڵ و خوێندنەوەیەکی وردت هەیە لەسەر کێشەکانی نێو هەناوی کۆمەلّگای کوردی لەسەر ئاستی سیاسی و کۆمەلاّیەتی، لە قۆناغ و هەلومەرجێکدا ئەو نووسینانە بەراورد بە قۆناغ و بارودۆخی تر جیاوازیان لە ئاستی گوتار تێکەوتووە.. ئەمەش دیاردەیەکە و لە کاری زۆربەی کارەکتەرە روناکبیرەکانی کورد لە هەندەران هەستی پێدەکرێت، بەشێکیان بەدیوی تەنها کولاندنەوەی برین و قولّکردنەوەی بۆشاییەکانی نێوان کایەی سیاسی و کۆمەلاّیەتی کاریان کردووە، بەشێکی تریان بە مەبەستی داڕشتنی بناغەیەکی نوێ و دروستکردنی پردی تەبایی هەنگاویان ناوە.. تۆ ئەو گیروگازە چۆن دەخوێنیتەوە؟**

- من نازانم خوێنەر چۆن لەو کارانە دەگات و ناتوانم رۆڵی خوێنەر ببینم، بەلاّم من خۆم پەروەردەی بەرهەمەکانی گۆران و بێکەس و قانع و پیرەمێرد و ئەدیبە کلاسیکیەکانی دیکەی کوردم.. بۆیە هەمیشە دلّم لای گەلی کورد و کوردستان بووە، من وەکو کەسێکی واقیع بین، کە بەردەوام قوتابخانەی راشیونالیەتم پێ قبوڵ بووە وابیردەکەمەوە گوتنی راستییەکان ئازار دەگەیەنن، بەلاّم سودیان دەبێت، من ئەو رێبازەم بۆخۆم گرتۆتەبەر پەندێکی کوردیش هەیە دەلّێ ((دۆست ئەوەیە کە دەتگرییێنێ و دوژمن ئەوەیە پێت پێدەکەنێ))، لەبەرئەوە من

پێم وایە ئەو کارەی کردوومە بەو مەبەستە کردوومە کە ئەگەر بریني کوردیش بکولێنمەوە بتوانم بەکورد بڵێم تۆ زۆر لەوە گەورەتر و زیاتری کە ئەمەت پێ بکەن، یان ئەوە بکەی.. هیوادارم وانەکەیت، هەڵبەت لەم شێوەیەش زۆر بە ئاگام کە شتێکی نۆرماتیك نەکەم و بە خەڵك بڵێم وابکەن و وامەکەن، واتە تەلقین نەدەم.. بەهەرحاڵ هیوادارم کە خوێنەر لەوە تێگەیشتبێ کە ئەوە مەبەستمە، چونکە بە پێچەوانەوە هەرگیز ناوچەگەر نەبووم و جیاوازیم لە نێوان هیچ کوردێك نەکردووە، بگرە لە بنەڕەتدا من جیاوازی لە نێوان مرۆڤەکاندا ناکەم، بە راشکاوی دەڵێم زۆر حەزم دەکرد ئەگەر کوردستان دەوڵەتەیکی سەربەخۆ بوایە ببم بە کەسێکی تر، بەلام ئەشقی من بۆ کورد و کوردستان لەبەرئەوەیە ژێردەست و داگیرکراوە و پێم خۆش نییە وەکو مرۆڤێك ئەمە قبوڵ بکەم، بۆیە دەمەوێ بڵێم کە هەمیشە لە پشتی گوتار و نووسین و کارەکانم مەبەستی دروستبوون و دروستکردن و پتەوکردنی ئەو تەبایییەیە کە نییە، چونکە ئەگەر پەنجە بۆ نەخۆشی و لاوازی و کەموکوڕی و بۆشاییەکان درێژ نەکەیت و قسەیان لەسەر نەکەیت، باوەڕناکەم ئەو سودە بگەیەنیت کە بە کۆمەڵگاکەت بڵێیت ئەو تەباییە ماناى چییە.

***بێگومان زۆر لە ئەزموونەکانی دونیا ئەوەمان پێدەڵێن، کە کایەی سیاسی زۆر جار چاوەڕێی ئەوەیە ئەزموون لە کایەی رووناکبیری و دەستەبژێر وەربگرێ، بە مانایەکی دی روناکبیر پڕۆژەکانی رێنیسانس و نوێبوونەوە و بەخۆداچوونەوە بخاتە بەردەم کۆمەڵگا و کایەی سیاسی، تا بە ئاراستەی گۆڕان کاری لەسەر بکەن.. لەم دیدگایەوە پێت وایە تا ئەم لەحزەیە رووناکبیری کورد توانیویەتی چی پێشکەشی کۆمەڵگا و ئەو کایە سیاسیە بکات و رووبەڕووی بەرپرسیارێتیان بکاتەوە؟**

_ بەر لە هەر شت دەمەوێ ئەوە بڵێم کە بە گشتگیری قسەکردن گرفتی ئەوە دێنێتە پێش کە تۆ زۆر کەس مەغدور بکەیت، بۆیە من ناتوانم بۆ هەمووان و لەبری گشت قسەبکەم، بەش بەحاڵی خۆم لە بنەڕەتدا دژی وشەی روناکبیرم، لەبەرئەوە وشەی ئەنتلکتوێل ئەوەندەی کە من ئاشنابم بۆ نموونە، وشەیەکە دەتوانێ هەم نێگەتیف بێت و هەم پۆزەتیف، بەبۆچوونی من لە کوردیدا ئەم وشەیە بەرامبەر تێگەیشتوو دەبێتەوە، کەواتە مرۆڤی تێگەیشتوو لە یەك کاتدا دەتوانێ خراپ بێت یان باش. لە کاتێکدا لای ئێمە کە دەڵێی رۆشنبیر بەشێوەیەکی ئۆتۆماتیکی واتە کەسێکی باشە و میهرەبانە و زیرەکە و لە هەموو شتێك دەزانێ، بۆیە من دژی بەکاربردنی وشەی رۆشنبیر و رووناکبیرم و زیاتر ئەو وشەیەی تێگەیشتوو بەکاردەهێنم، بەلام دەبێ بزانین ئەو وشەیەش بە چ مانا و لە چ ئاستێکدا و بۆ بەکاردەهێنین، بۆ وەلامی پرسیارەکەت بەڕای من زۆربەی ئەوانەی لە کایەی نووسیندا دەیانناسم خەڵکی دڵسۆزن، بەلام دڵسۆزی و وەفاداری هەمیشە بەو مانایە نایەن، کە لە هەموو شوێنکاتێکا سود و قازانج بگەیەنن.. زۆرجار لە دڵسۆزی و وەفاداری هەن زۆر توڕەدەبن و قسەی زۆر ناشرین دەکەن و وایان لێدێت زۆرجار بە هەڵە بیربکەنەوە و بڕیاربدەن، لەبەرئەوە زۆرجار رەنگە بۆ سەرکردایەتی سیاسی ئەوە زۆر ئەستەم بێت کە بتوانێ بە چاوێکی بێلایەنەوە سەیری بەرهەمەکە بکات و وەکو باوك و دایکێك لایەنە باش و خاوێنەکانی لێ بژاربکات و خراپ و لاوازەکانی فڕێ بدات و بڵێ ئەوە بەرهەمی گەنجێتی و توڕەبوون و شتی لەم بابەتەیە.. هەڵبەت من وەك هەر کوردێکی تر لە قۆناغی گەنجێتیدا ئەو ژیانە ژیاوم و ئەو جۆرە بەرهەمانەم نووسیوە، بەلام لەو چەند ساڵەی دواییدا، کە رشتەی سیاسەتم لە زانکۆی ستۆکهۆلم خوێند و چەندین کتێبم وەرگێڕا، تێگەیشتم کە چەندیش ناڕەحەت و نا ئاسودەبیت و زیانت لێکەوتبێت دەبێ ئارام بیت، چونکە ئارام نەبیت ناتوانی گوزارشت لە خۆت بکەیت و ئەو مەبەستە بپێکی کە دەتەوێت باسی بکەیت، لەو باسکردنانەشدا بێگومان دەبێ پشت بە بەڵگە و ئەرگومێنت و شتی زۆر زانستی ببەستی. بۆ نموونە ناتوانی لە خۆتەوە بڵێیت هەولێر بێ کارەبایە، بەڵکو دەبێ بڵێی بەو پێیەی کە خۆم بینیوومە لە فلان گەڕەك و کاتژمێر ئەوەندە تا ئەوەندە کارەبا نییە.. واتە دەبێ بەشێوەیەکی کۆنکرێتی باسی کێشەکە بکەیت، بۆ ئەوەی بتوانی هۆکارەکانی بدۆزیتەوە و چارەسەری بکەیت.. بۆیە بەلای منەوە پرۆسەی خوێندن لە ئەوروپا بێجگە لەوەی فێری ماناى چەمکەکان و بەکارهێنانیان لە شوێنی خۆیدا دەکات، هەروەها فێری ئەوە دەبیت کە میتۆدی رەخنەگرتن و میتۆدی پێشنیارکردنی زانستیانە لە کارەکانتدا بگریتە بەر. بۆیە ئەم شێوە فێربوونە زۆر شتت بۆ دەگۆڕێ، بۆ نموونە جیهانبینیت تەواو دەگۆڕێ لەوەی کە چۆن دەسەلاتی سیاسی دەبینی و تێدەگەیت کارە سیاسییەکان چەندە قورسن لە پراکتیدا و چەندە لە یەکتری جیاوازن و ئەوەت بۆ روون دەبێتەوە کە پێشینەی ئەنجامدان بۆ کام کارەن و کامەیان هەنووکەیین و کامیان پێویستە ئایندە بکرێن، ئا لەو حاڵەتەدا جۆرە تۆلێرانس و هاوسەنگیەکی سیاسی پەیدا دەکەیت، کەوات لێدەکات لەسەرخۆ و بەکاوەخۆ و قووڵ و بەرپرسیارانەتر بیربکەیتەوە.

*** پێت وانییە بەهەمان ئەو ریتمەی کایەی سیاسی، لەنێو گوتاری ئەوەی تۆ ناوت نا تێگەیشتووەکان لە خستنە ڕووی پرس و کێشەکانی کۆمەڵگای کوردی دووبارە دەبێتەوە، کە سەرجەمی کێشە و قەیران و بۆشایی و دەرکەوتەکانی نێو کۆمەڵگا دەبەستنەوە بە گوتارێکی سیاسی و چارەسەری سیاسییانەی بۆ دەدۆزنەوە، لە کاتێکدا بە پێی زۆربەی سەرچاوە و تیۆرەکان زۆرینەی گرفتەکان ڕەگەکانیان و هۆکار و سەرچاوەکانیان کۆمەڵایەتین.. بەڕای تۆ ئەم شتە لە ناهۆشیارییەوە سەرچاوە دەگرێت، یان خوێکە و پێمانەوە گرتووە؟**

_ دیارە ئەمە دەگەڕێتەوە بۆ جیاوازی قوتابخانەکان، من پێم وایە ڕەگی هەموو ئەوانە دەگەڕێتەوە بۆ ناهوشیاری، تا هوشیاری سیاسی بەهێزبێت، ئەوا مرۆڤەکان بەشێوەیەکی تر بیردەکەنەوە، بەڵام هوشیاری سیاسی چۆن دەست دەکەوێ؟ پێش هەموو شتێك کە دەوڵەتێکت نەبێت و بەرپرسیاربێت لە هوشیاری تۆ، ناتوانی وەك تاکەکەس ئەو هوشیارییە بەدەست بێنی، با.. ڕەنگە تۆ وەك کەسێکی دەگمەن لە شوێنێك بە خوێندنەوەی خۆت پێشکەویت و هوشیاربیت، بەڵام ئەمە گشتگیر نییە و نەتەوەیەك ناتوانێ بەم شێوەیە پێشکەوێ، چونکە هەمان هەلومەرجی هاوشێوەی فێربوون و پێگەیشتن بۆ هەموو ئەندامانی کۆمەڵگایەك نییە، بەڵکو ئەوە دەوڵەتە، کە وەکو دامەزراوێکی سیاسی دەبێ ئەو کارە بخاتە ئەستۆی خۆی... لەبەرئەوە دەبێ سەرەتا هەموو هەوڵێکی هاوڵاتی کورد بۆ ئەوە بێت، کە دەوڵەتێکی کوردی دروستبکرێ، چونکە تەنها لە چوارچێوەی ئەو دەوڵەتەدا بۆ نموونە دەتوانی داوای مافەکانی ئافرەت و مناڵ لە خەڵکانێکی بەرپرسیار بکەیت و داوای ئایندەیەکی باشتر و خۆشگوزەرانتر و دڵنیاتر بکەیت، بۆیە من پێم وایە ئەو هوشیارییە تەنها دامەزراوەی سیاسی، کە بەرپرسیاربێت لەو خاك و نەتەوەیە زەمینەی بۆ دەرەخسێنێ و کاملی دەکات.. بەو شێوەیە ئەگەر دەوڵەتت هەبێت، کە لایەنێکی سترۆکتۆرە و لایەنەکەی تری ئۆرگانیزەیە، تۆ سترۆکتۆرێك دادەنێیت، پاشان لە ڕێگای میکانیزمی ڕەخنەگرتنەوە خەڵك دەتوانن ڕەخنە لەو ستراکتۆرە بگرن، بۆ ئەوەی کە بیگۆڕن، ئینجا خودی ئۆرگانیزەکان کە هەن دەبێ چی بن و چۆن بن؟ جا تۆ وەرە سەیرکە لە زۆربەی وڵاتە پێشکەوتووەکاندا، ئەو سیستەم و وڵاتانەی بڕوایان بە مەدەنیەت و دیموکراسی و پلورالیزم و مافەکانی مرۆڤ و ئازادی هەیە بودجەی ساڵانەی خۆیان بەشێوەیەك تەرخان دەکەن، کە بەشی هەرە زۆری و یەکەمجار بۆ بواری پەروەردە و فێرکردنە و بەدوای ئەو تەندروستی، ئینجا ژینگە و .. هتد دێت، زۆرجار وایە بواری بەرگری بەشی دەیەمی بەردەکەوێت، لەسەر بنەمای ئەوەی تۆ کۆمەڵگایەکی بەرهەمهێنەر و تەندروست و ژیان دۆستت دەوێ، یان کۆمەڵگایەکی بخۆر و مشەخۆر، هەموو ئەمانەش دەسپێك دەکەوێتە سەر داڕشتنی سیستەمی پەروەردە و فێرکردن بەگوێرەی پێدراوە هەنووکەیی و ئایندەییەکان، کەواتە ئەو هوشیارییە لەو سەرچاوەیەوە دێت، هاوکات لە ڕێگای میکانیزمی تریشەوە دێت کە ڕێکخراوی ناحکومین، هەموو ئەوانە هێشتا لە وڵاتی ئێمە کە کیانێکی سەربەخۆ و ئارامیەکی سیاسی تێدانییە، لە قۆناغی سەرەتایی و کۆرپەلەیی خۆیاندان. ئیدی هەموو ئەو ڕاستییانە ڕاستەوخۆ ڕەنگدانەوەیان لەسەر جۆری بیرکردنەوە و شێوازی کاری هەر یەکێکیان هەیە، کە وایکردووە هێشتا هیچ کام کەس و لایەن و هێز و کایەکانی کۆمەڵگاکەمان نەکەوتبنە سەر ڕاستەڕێکردن و هەنگاو و بیرکردنەوە و دونیابینی تەندروست.

## *ئەم ئەزموونەی ئێستای کوردستان، وەك خۆی چۆن دەبینی؟

_ کە کیانێکی سیاسی وا دروست بووە، پێم وایە شتێکی زۆر زۆر پیرۆزە، لەبەرئەوەی من ناسیونالیستێکی ئازادیخوازم ئەوە ناشارمەوە، ئەو ئەزموونەم خۆشدەوێ و حەزدەکەم بیپارێزم و پەری پێبدەم، بەڵام هەر ئەو خۆشویستن و حەزە بەس نییە، بەڵکو دەبێ هەم کایەی سیاسی و هەمیش هاوڵاتی بەرپرسیارێتی هەڵبگرێ، چونکە دیموکراسی بێجگە لە ماف، هاوکات ئەرکیشە، ئەو ئەرکە هەر لە هەڵگرتنەوەی توێکڵە مۆزێك دەست پێدەکات، کە نازانی هی کێیە و کێ بەسەریدا دەڕوا، تا دەگاتە کاری گەورەتر و خۆتەرخانکردن بۆ خزمەتی خەڵك. پێم وایە حکومەتی کوردستان دەتوانێ کاری باش بکات، بەڵام ئەو کارە باشە کاتێك دەکرێت، کە هەوڵ بدرێت سوود لە توانا و هێز و وزەی خەڵکانێك وەربگیرێ، کە ئەگەرچی وەفاداری حزبیش نەبن، بەڵام وڵاتپارێز و دڵسۆزی ئەم گەل و نیشتمانەن و خەڵکێکن لێرە لە دایکبوون و وەك هەر کەسێکی تری ئەندامی حزبێك مافی ژیان و گوزەران و کار و بەشداری سیاسییان هەبێت، بەڵام بەداخەوە ئەوەی کە دەیبینم و زۆر ئازارم دەدات پرسی خزم خزمێنە و ئینتمایی حزبی و گەیشتن بەسەرەوە بێ ماندووبوونە، کە ئەویش ڕەنگدانەوەی کلتور و پەیوەندی خێڵەکییە و لە کوردستاندا ڕەنگی داوەتەوە، ئەوەش لە ڕاستیدا وانەبێت تەنها لە کەس و لایەن و هێزێکی دیاریکراودا ببینرێ، بەڵکو لە تەواوی کوردستان بەرچاو دەکەوێت.. هەر خودی ئەو جۆری پەیوەندییەیە کە هۆکاری دروستبوونی گەندەڵی سیاسین، کە دەبێ ئەگەر بنبڕیش نەکرێ، کەم بکرێتەوە بۆ ئاستێکی نزم و بچوکترین شێوە، من ئەوە دەزانم کە لە هیچ وڵات و کۆمەڵگا و

سیستەمێکی دونیا ناتوانێ ئەو دیاردەیە بنەبڕکەیت، بەلاّم دەتوانرێ بە جۆرێك کەم بکرێتەوە و کاریگەرییەکانی کاڵ بکرێنەوە، کە هاولاّتی بتوانێ هەناسە بدات... من پێم وایە گە نجان و نەوەی ئێستا توانا و ئامادەیی زۆری ئەوەیان تێدایە خزمەتی ئەم ولاّت و ئەزموونە بکەن، بەلاّم ئەمە دەوەستێتە سەر وەستایی دەسەلاّتی سیاسی و سیاسە تمەداران، کە بتوانن سود لەو سەرچاوەی هێزە وەربگرن.

***((ڕێبوار)) لە میانی کار و نووسینە بەردەوامەکانیدا، لە سەرەتای سالاّنی نەوەدی سەدەی ڕابردوودا تا بە ئەمڕۆ دەگات، کۆمەڵێك بەرهەم و پەرتوکی بە پێزی چ وەك نووسین یان وەرگێڕان خستە نێو کتێبخانەی کوردی، لەوانە کتێبەکانی ( پڕۆژەی فرۆشتنی کوردستان و گرەو لەسەر ئەسپی تۆپیو، ڕۆمانی تارمایی هەڵە بجە، کوردستان کۆڵۆنیەکی نێودەوڵەتی- کە بیشکچی نووسیویەتی و لە ئینگلیزی وەریگێڕاوە بۆ کوردی، جەنگی سارد لەبادا- کە کتێبێکی لارش ئێریك ڤێنستراندی ڕۆژنامەوانی سوێدیە و کردوویەتیە کوردی، دڕندەکان تاکبڕ بکەن- لە سوێدیەوە بۆ کوردی و نووسینی نووسەری سویدی سڤێن ليندکڤیستە، پاڵمە خۆی)، ئەمە و جگە لە چەندین وتار و لێکۆڵینەوەی بەردەوام کە لە سایتەکانی ئینتەرنێتدا بلاّوی دەکاتەوە.. کاتێکیش پرسیاری دوا پڕۆژەی نووسینمان لێی کرد گوتی:**

- دوا پڕۆژەم کتێبێکە بەناوی ( ناکۆکیەکانی ناو سیاسەت)، کە لەسەر تیۆری فێمینیستی دەدوێت و لەم ڕۆژانە (دەزگای چاپ و بلاّوکردنەوەی ئاراس) چاپ و بلاّوی کردۆتەوە، هەر لێرەوە سوپاسی کاك ((بەدران ئەحمەد)) دەکەم بۆ ئەو ئەرك و ماندووبوونە زۆرەی لەگەڵیدا کێشای و سوپاس بۆ ئێوەش.